ئەگەر هەرکەسێک تۆمەتی تاوان (فاسقێتی) یان تۆمەتی کوفر بۆ هەرکەسێکی تر هەڵبواسێت، ئەگەر هاوەڵەکەی بەو شێوەیە نەبێت؛ ئەوا تۆمەتەکە بۆ دژی خۆی دەگەڕێتەوە

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر هەرکەسێک تۆمەتی تاوان (فاسقێتی) یان تۆمەتی کوفر بۆ هەرکەسێکی تر هەڵبواسێت، ئەگەر هاوەڵەکەی بەو شێوەیە نەبێت؛ ئەوا تۆمەتەکە بۆ دژی خۆی دەگەڕێتەوە».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە کە هەرکەسێك بە یەکێکی تر بڵێت: تۆ فاسقیت، یان بڵێت: تۆ کافریت، لەکاتێکدا بەرامبەر بەو شێوەیە نەبێت، ئەوا خۆی شایستە دەبێت بەو وەسفەی باسکراوە وقسەکە دژی خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە باسیکرد ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نییە؛ چونکە ڕاستی وتووە لە قسەکەیدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8883